بسم الله الرحمن الرحيم

مەکتەبی ئەمینداری گشتی
یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

مكـتب الامين العام
للاتحــاد الاسـلامي الكوردستـاني

KURDISTAN ISLAMIC UNION - THE GENERAL SECRETARY OFFICE

## بەڕێزان/ ڕێکخراوی چاك
## (ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفال و جینۆساید )

سڵاوو ڕێز و حورمەت

بەڕێز و دەست خۆشی و سوپاسەوە هەنگاوی سەرکەوتوتان بۆ بەدادگا گەیاندنی تاوانباری گەورە و بازرگانی چەکی کیمیایی ( فرانس ڤان ئانرات ) و بە سزا گەیاندنی بەرز دەنرخێنین و بە حورمەتەوە دەستتان دەگوشین و ماندو نەناسیتان بە خزمەتێکی گەورە دەزانین بۆ کێشەی ڕەوای گەلی ستەمدیدەمان و بە جیهانی کردنی ، کە ئەم لایەنە بەکەمتر لەلایەنە سیاسیەکەی نازانین و دەخوازین هەروەك چاوەڕێی کەستان نەکردووە و ئەرکی نەتەوەیی و ئەخلاقی خۆتان بەجێ هێناوە ، هەروا بەردەوام بن و بە هاوکاری و هاوئاهەنگی ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و مرۆیییەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات ..

ئێمەش بە دەوری خۆمان سوپاس و پێزانین تان پێشکەش ئەکەین لەگەڵ چەپکێك گوڵە سورەی سەر گۆرستانی شەهیدانی هەڵەبجە و بەدەم شەماڵی دەشتی گەرمیانی ئەنفالکراو و کوردستانی ماندوو شەکەتەوە ..

بە ئومێدی سەرکەوتنی هەموو خێر خواز و چاکساز و حەقپەروەران ..

هەر بژین

براتان
صلاح الدين محمد بەهائەدین
کوردستان – ٢٠٠٥/١٢/٢٧